سودانی جێخت لەسەر پشت بەستن بە دیزاینە نوێیەکان دەکاتەوە بە شاری سەدری نوێ

سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جێخت لەسەر پشت بەستن بە دیزاینە نوێیەکان دەکاتەوە بە شاری سەدری نوێ و دنیابوون لە تەواوکردنی بەشوێیکی خرا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتەبع کوتووە بەاویکردەوە"سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە چوارشەمە، کارە جبەجەکاریەکانی شاری سەدری نوێی دەستپەکرد.

وتیشی سودانی جێختی لە گرنگی دەستپەکردنی کارە جبەجەکاریەکانی ژیرخانی شاری سەدری نوێ کردەوە، لەوانە تەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوە و ڕەگاوبانەکان، و تەکانی کارەبا و پەیوەندیەکان بە 60 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، ناوبراو ستایشی هەوڵەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کرد کە بەشداربوون لە گەیشتن بەم قۆناغە، کە لە ئەمینداریەتی بەغداد و حکومەتی خەجێی و پارێزگاری بەغداد و ئەندامانی لیژنەی باڵای شاری سەدر و تیمی بەدواداچوون لە نوسینگەی سەرکی ئینجومەنی ئینجومەنی وەزیران پێکهاتوون بە چارەسەرکردنی هەموو ئاستەنگەکان.

سەرەک وەزیران ئاماژەی بەو مەدەلە ئابووریە نوێیە کرد کە پەسەند دەکرێت، و بە یەکەم مەدەل لەو جۆرە دادەنرێت، کە و دەستوەردان دەکات بە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان، دواتر کەرتی تایبەت بەشدار دەبێت وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە جێبەجێکردنی شارەکانی نیشتەجێبوون بەپێی پلان بە داڕێژراوەکان، و جەختیشی لەوە کردەوە کە پڕۆژەکە یەکخستنی شارە کۆنەکە لەگەڵ شارە نوێیەکە لەخۆدەگرێت، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگە بە شاری سەدر و دەوروبەری، کە بە شێوەیەکی پێرتەوازێیە و خزمەتگوزارییەکانی گونجاو نین بە ڕێکانی گەلەکەمان، هەروەها جەختی لەو گرنگیدانە کردەوە کە شاری سەدر ناوی هەردوو شەهیدی سەدر هەڵدەگرێت.

شاری سەدری نوێ دەکەوێتە سەر ڕووبەرو 4000 دۆنم، لە نێوان ناوچەی مەعاملەو دەست پێدەکات تا دەوروبەری شاری سەدری ئێستا درێژدەبێتەوە. پڕۆژەکە بەپێی فەلسەفەی دیزاینی هاوچەرخ دیزاین کراوە 60 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بە دیزاین و قەبارەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەگەڵ خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە شارەکە، و بەسەر 3 کەرت و 12 گەڕەک و 52 شوێندا دابەش دەکرێت، لەگەڵ ناوەندێکی بازرگانی و خزمەتگوزاری یەکگرتوو لە ناو جەرگەی شارەکە.

لە 22ی نیسانی 2025 گرێبەستی جێبەجێکردنی ژێرخان و ڕێگاوبان و کارە تەواوکەرەکان بە ئەو (11) هەزار یەکە نیشتەجێبوونە، لەگەڵ چینە بنەڕەتییەکانی ڕێگا سەرەکییەکان ڕێوانەی کەمپانیایەکی چینی کرا بە گرێبەستێک بە ماوەی 1200 ڕۆژی ساڵنامەیی، ئەمەش وەک قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە.